

# گوڵەکانی ئیدای بچکۆلە (١)

هانس کریستیان ئەندەرسن
لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود
(دانیمارک)

«بە داخەوە گوڵە جوانەکانم مردوون!» کچۆڵە (ئیدا) گوتی.

«دوێنێ ئێوارە زۆر جوان بوون، کەچی ئێستا پەڕەکانیان سیس بوونە! نازانم بۆ وایان لێ هات؟» ئیدا لە مامۆستاکەی پرسی کە لە سەر قەنەفەکە دانیشتبوو(٢)؛ کوڕێکی زیرەک و خۆشەویست و دەستێکی باڵای لە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشدا هەبوو، وێنەی زۆر سەیر و سەمەرەی بە مەقەست دەبڕی و دروستی دەکردن: بۆ نموونە شێوەی دڵێکی دروست دەکرد و لەناو دڵەکەدا وێنەی خانمانی دەکێشا کە سەمایان دەکرد، یان وێنەی گوڵی دەنەخشاند، یان کۆشکوتەلاری ئەوتۆی دروست دەکرد کە دەروازەکانیان دەکرانەوە. کوڕێکی هەمیشە دڵخۆش و دەم بە خەندە بوو.

«نازانم ئەمڕۆ گوڵەکان بۆ وایان لێ هات؟» ئیدا ئەم پرسیارەی کرد لەو کاتەی چەپکە گوڵەکەی کە بە تەواوی سیس بووبوون، پێشانی مامۆستاکەی دا.

«بەڵێ، دیارە خۆت دەزانی گوڵەکان چییانە!» مامۆستاکە گوتی. «گوڵەکان شەوی ڕابوردوو لە ئاهەنگی سەما بوون، بۆیە وا ئێستا ملیان لار بۆتەوە!»

«بەڵام گوڵ ناتوانێ سەما بکات!» ئیدای بچکۆلە گوتی.

«بەڵێ دەتوانێ!» مامۆستاکە گوتی، «کە دنیا تاریک دادێ و ئێمە دەخەوین، گوڵەکان بە دڵێکی خۆش و شادەوە دێنە ئەم ناوە؛ نزیکەی هەموو شەوێک ئاهەنگی سەما دەگێڕن!»

«منداڵان بۆیان نییە بەشداری ئەم سەمایانە بکەن؟»

«بەڵێ بۆیان هەیە»، مامۆستاکە گوتی، «گوڵە حاجیلە وردیلەکان و گوڵە زەنگوڵەکان بەشداری دەکەن!» (٣)

«جوانترین گوڵەکان لە کوێ سەما دەکەن؟» ئیدای بچکۆلە پرسی.

«بۆ تۆ هەرگیز نەچوویتە لای دەروازەی کۆشکە هاوینییە گەورەکەی پاشا، لەو شوێنەی باغە جوانە پڕ گوڵ و گوڵزارەکەی لێیە؟ لەو شوێنەی سۆنەکان بە مەلە بۆ لات دێن تا وردەنانیان بۆ هەڵدەیت. ئاهەنگی سەماکە لەوێ دەکرێت!»

«من دوێنێ لەگەڵ دایکم لەو باغە بووم!» ئیدا گوتی، «بەڵام هەموو گەڵای دارەکان وەریبوون و هیچ گوڵیشی لێ نەمابوو. تۆ بڵێی چییان لێ بەسەر هاتبێ و لە کوێ بن؟ لە هاوین من بینیمن زۆر زۆر بوون!»

«لە ناو کۆشکن!» مامۆستاکە گوتی. «تۆ دەبێ بزانیت کاتێک پاشا و بنەماڵەکەی کۆشکە هاوینییەکەیان چۆڵ دەکەن و دەگەڕێنەوە کۆشکەکەی ناو شاریان (٤)، گوڵەکان یەکسەر بەڕاکردن باغەکە جێ دێڵن و بە دڵێکی خۆشەوە دەڕۆنە ناو کۆشکە چۆڵەکە. تۆ سەیر کە، دوو جوانترین گوڵەباغ دەچنە سەر تەختی پاشایەتی، یەکێکیان دەبێ بە پاشا و ئەوی تریان دەبێ بە شاژن. (٥) هەموو گوڵە سوورەکانی (پۆپیتە کەڵەشێر) بەڕیز دەوەستن و دەچەمێنەوە، ئەمانە فەرمانبەرە بچووکەکانی دیوانی پاشان، ئەوجا جوانترین گوڵەکان گشتیان ئامادە دەبن و سەمایەکی گەورە دەست پێ دەکات. گوڵە شەوبۆ وا دەنوێنن ئەفسەرە گەنجەکانی دەریاوانین و لەگەڵ گوڵە (هایسێنت) و (کرۆکوس)ەکان سەما دەکەن و بە خانمی پاکیزە بانگیان دەکەن، کەچی گوڵەمێلاقە و نێرگزە زەردە گەورەکان بە خاتوونی بە تەمەن دادەنرێن و گران و سەنگین سەما دەکەن و بەڕێز و ویقارەوە مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێت!»

«ئێ باشە ئەو گوڵانە!» ئیدای بچکۆلە پرسی، «کە هاتوونەتە ناو کۆشکی پاشا و سەما دەکەن، کەس هیچیان لێ ناکا؟»

«کەس بەڕاستی پێیان نازانێ!» مامۆستاکە گوتی. «ڕاستە، هەندێ جار شەوانە سەرپەرشتیارە بە تەمەنەکەی کاروباری کۆشک بەخۆ و بە تۆپێک کلیلەوە ڕەت دەبێ و چاودێری ئەو ناوە دەکات، بەڵام هەر کە گوڵەکان گوێیان لە زرنگەی کلیلەکان دەبێ مات و بێدەنگ دەبن و خۆیان لە پشت پەردە شۆڕەکان دەشارنەوە و جار جارە سەریان دەردێنن. من لێرە بۆنی هەندێ گوڵ دەکەم! سەرپەرشتیارە بە تەمەنەکە دەڵێ، بەڵام نایانبینێ!»

«بە خوا شتێکی سەیرە»، ئیدای بچکۆلە گوتی و دەستەکانی لە یەک دەدا. «تۆ بڵێی منیش بتوانم گوڵەکان ببینم؟»

«بەڵێ، تۆ دەتوانی!» مامۆستاکە گوتی، «لە بیرت بێ ئەو جارە کە دەچیتە ئەوێ لە پەنجەرەوە سەیرێکی ژوورەوە بکە، دڵنیام دەیانبینیت. من ئەمڕۆ خۆم بینیم گوڵە نێرگزێکی زەردی درێژ لە سەر قەنەفەکە ڕاکشابوو، ئەمیان خانمی یاوەری شاژن بوو!»

«ئایا گوڵەکانی باغی بۆتانیک (٦) بۆیان هەیە بچنە ئەوێ؟ ئایا دەتوانن ئەو ڕێگە دوورە ببڕن؟

«بەڵێ، دەتوانن!» مامۆستاکە گوتی، «هەر کاتێ بیانەوێ دەتوانن باڵ بگرن و بفڕن. تۆ پەپوولە جوانەکانت نەبینیوە، سوور و زەرد و

سـپییەکان، تـا ڕادەیـەک وەک گـوڵ وان، هــەر واشـن، چونکـە پێشـتر گـوڵ بـوون، بـەڵام لەسـەر لاسـکەکان بازیـان داوە و بـە هـەوا کەوتــوون، پەڕەکانیـان وەک باڵـی بچکۆلـە لێک داوە و فڕیون و کاتێـک دەبینـن تـەواو بـەرز بوونەتـەوە، جارێکی تـر بـەرەو مـاڵ دەفڕنـەوە و لەسـەر لاسـکەکان دەنیشـنەوە و بـەم جـۆرە پـەڕە گوڵـەکان بـە ڕاستی دەبنـە بـاڵ بۆیـان. خـۆ تۆ خۆشـت ئەمەت بـە چـاوی خـۆت بینیـوە! لەوانەشـە گوڵەکانـی باغـی بۆتانیـک هەرگیـز چاویـان بـە کۆشـکی پاشـا نەکەوتبـێ و نەیانزانیـوە شـەوانی ئـەوێ چەنـد خۆشـن، بۆیـە مـن دەمـەوێ ئێسـتا شـتێکت پـێ بڵێـم کـە پرۆفیسـۆرەکەی باغـی بۆتانیـک کـە ماڵـی لـەو نزیکانەیـە، تووشـی سەرسـامی دەکات. تـۆ دەیناسـیت، وا نییـە؟ ئەگـەر چوویتـە باغەکـە بـە یەکێـک لـە گوڵـەکان بڵـێ کـە ئاهەنگێکـی گـەورەی سـەما لـە کۆشـک هەیـە، ئەویـش قسـەکە بـە گوڵەکانـی تـر دەڵێـت، ئیتـر هەموویـان دەفڕن. کاتێـک پرۆفیسـۆر دێتـە باغەکـە دەبینێـت یـەک گوڵـی تێـدا نەمـاوە و بـە هیـچ جۆرێـک نازانـێ گوڵـەکان بـۆ کـوێ ڕۆیشـتوون.»

«بـەڵام چـۆن ئـەو گوڵـە دەتوانـێ قسـەکە بـە گوڵەکانی دی بڵێـت؟ خـۆ گـوڵ زمانـی قسـەکردنیان نییـە.»

«ڕاسـت دەکـەی گـوڵ ناتوانـن قسـە بکـەن!» مامۆسـتاکە وەڵامـی دایـەوە؛ «بۆیـە بـە پانتۆمایـم بـە یەکتـری دەڵێـن! (٧) نەتبینیـوە کاتێـک کزەبایـەک هەڵـدەکا چـۆن گوڵەکان سـەر دەلەقێنن و هەمـوو گـەڵا سـەوزەکان دەخەنـە جووڵـە؟ زۆر بـە ڕوونـی دیارە وەک ئـەوەی لەگـەڵ یەکتـر قسـە بکـەن!»

«پرۆفیسـۆریش لـە زمـان و دەربڕینـی پانتۆمایـم دەگات؟» ئیـدا پرسـی.

«بەڵـێ، تـێ دەگات! بەیانییەکیان پرۆفیسـۆر زوو هاتـە نێـو باغەکـەی، بینـی وا گەزگەزۆکێکـی (٨) گـەورە وەسـتاوە و بـە گەڵاکانـی پانتۆمایـم بـۆ گوڵـە مێخەکێکـی سـووری جـوان دەکات و پێـی دەڵێـت، تـۆ زۆر جوانیـت و مـن تـۆم زۆر خـۆش دەوێـت! بـەڵام پرۆفیسـۆر هەرگیـز حـەزی بـەم جـۆرە شـتانە نییـە، بۆیـە یەکسـەر لـە گەڵاکانـی گەزگەزۆکەکـەی دا، گـەڵا بـۆ گەزگـەزۆک وەک پەنجـەی دەسـت وان، بۆیـە کە پرۆفیسـۆر دەسـتی بـە گـەڵاکان کـەوت ئاگـری لـێ هەڵسـا، ئیتـر لـەو ڕۆژەوە هەرگیـز ناوێـرێ دەسـت بگەیەنێتـە گەزگـەزۆک.»

«ئـای کـە سـەیرە!» ئیدا بچکۆلە بـە پێکەنینەوە گوتی.

«ئـەوە تـۆ دەڵێـی خەریکـی گاڵتـە بـە ئەقڵـی منداڵەکـە دەکەیـت!» کابـرای ڕەزاگرانـی ئەندامـی ئەنجوومەنـی کارگێـڕی (٩) ئەمـەی گـوت، کـە بـۆ سـەردان هاتبـوو و لـە سـەر قەنەفەکـە دانیشـتبوو؛ ئـەو پیـاوە دڵـی بـە مامۆسـتاکە خـۆش نەبـوو. بـەردەوام بـە مۆنـی سـەیری دەکـرد کاتێـک دەیبینـی ئـەو مامۆسـتایە وێنـەی سـەیر و خەیاڵـی بـە مەقەسـت لـە سـەر کارتـۆن و کاغـەز دەبـڕی. یەکێـک لـەو وێنانـە بـۆ نموونـە وێنـەی پیاوێـک بـوو کـە لـە سـێدارە درابـوو و دڵێکـی بەدەسـتەوە بـوو، کـە وای دەنوانـد بـە تۆمەتـی دزینـی دڵ سـزا درابێـت، یـان وێنـەی پیرەژنێکـی جادووکـەر کـە سـواری گەسـکێک بووبـوو و مێردەکـەی لەسـەر لووتـی خـۆی دانابوو؛ کابـرای ئەندامـی ئەنجوومەن بـە هیـچ کلۆجێـک ئەمانـەی بـە دڵ نەبـوو، بۆیـە چـۆن وەک ئێسـتا گوتـی ئـاوا هـەر دەیگوتـەوە: «ئـەوە تـۆ گاڵتـە بـە ئەقڵـی منداڵەکـە دەکەیت! ئـەو خەیاڵـە قـۆڕ و بێمانایـە چیـە تـۆ هەتـە!»

بـەڵام ئیـدای بچکۆلـە قسـەکانی مامۆسـتاکەی

زۆر بەلاوە سەیر و خۆش و سەرنجڕاکێش بوو، زۆر بیری لێ دەکردنەوە. گوڵەکان ملیان لار بووەتەوە، چونکە هیلاک و ماندوون بەوەی شەو تا بەیانی سەمایان کردووە.

بێگومان دیارە نەخۆش کەوتوون. دواتر ئیدا دەڕۆیشتە لای یارییەکانی تری کە لەسەر مێزێکی ڕێک و بچووک دانرابوون، چەکمەجەکانی پڕبوون لە کەرەستەی جوانکاری و ڕازاندنەوە. (سۆفیا)ی بووکەشووشەی لەسەر تەختەکەی خۆی ڕاکشابوو و نووستبوو. ئیدای بچکۆلە پێی گوت: «سۆفیا، هەڵسە، دەبێ قبووڵت بێ ئەمشەو لەناو چەکمەجەی مێزەکە بخەویت چونکە گوڵە بەسەزمانەکان نەخۆشن و پێویستە لەسەر تەختەکەی تۆ بنوون، بەڵکوو چاک دەبنەوە!»، ئەوجا بووکەشووشەکەی هەڵگرت، کە دیار بوو زۆر ناڕازی بوو و یەک وشەی لە دەم نەهاتە دەرەوە، زۆر تووڕە بوو، چونکە بۆی نەبوو لە سەر تەختەکەی خۆی بخەوێ.

دواتر ئیدا گوڵەکانی خستە سەر تەختی نووستنی بووکەشووشەکە و پێخەفەکەی بەسەر دادان و پێی گوتن: بۆ خۆتان جوان و ئارام پاڵ کەون و منیش چایەکی گەرمتان بۆ دێم دەکەم، بەڵکوو بۆ بەیانی چاک ببنەوە و هەڵسنەوە سەرپێ، پاشتر پەردەکانی جوان دادایەوە نەبادا تیشکی هەتاو لە درزی نێوانیان بێتە ژوورەوە و لە چاویان بدات.

بە درێژایی ئەو ئێوارەیە بیری لە قسەکانی مامۆستاکە دەکردەوە و بەر لەوەی بخەوێ، خۆی گەیاندە پشت پەردەی پەنجەرەکان بۆ لای گوڵە جوانەکانی دایکی کە لەوێ دانرابوون و بەگوێی گوڵە هایسێنت و گوڵەمێلاقەکانیدا چرپاند و گوتی: «دەزانم ئەمشەو ئێوە دەچنە ئاهەنگی سەما!»، بەڵام گوڵەکان وایان پێشان دا کە هیچی لێ تێ نەگەیشتن و هەستیان لە خۆیان بڕی، تەنانەت پەڕەکانیشیان نەلەراندەوە، بەڵام ئیدای بچکۆلە خۆی دەیزانی دەڵێ چی. کاتێک چووە ناو جێگەکەی و پاڵی دایەوە تا بخەوێ، تا ماوەیەکی زۆر هەر بیری دەکردەوە کەوا چەند خۆشە گوڵە جوان و نازدارەکان ببینێ کاتێک لە کۆشکی پاشا سەما دەکەن. «تۆ بڵێی بەڕاست گوڵەکانی من بەشدارییان کردبێت؟»، ئیتر دوای ئەمە خەوی لێ کەوت. درەنگی شەو بە ئاگا هات، لە خەونیدا گوڵەکان و مامۆستاکەی بینی کاتێک ئەندام ئەنجوومەنەکە سەرکۆنەی دەکرد و پێی دەگوت گاڵتە بە ئەقڵی دەکات. ژووری نووستنەکەی ئیدا هێمن و ئارام بوو، چراکەشی لەسەر مێزەکە بەردەوام هەڵکرابوو، دایک و باوکی خەوتبوون.

«تۆ بڵێی گوڵەکانم تا ئێستا لەسەر تەختەکەی سۆفیا پاڵ کەوتبن؟» لەگەڵ خۆی دەدوا و پرسیاری لە خۆی دەکرد. «چەند حەز دەکەم بزانم!» لە شوێن خۆی هەڵساوە و سەیرێکی دەرگا نیمچە کراوەکەی کرد، بینی گوڵەکان و هەموو یارییەکانی لە شوێنی خۆیان بوون، ئەوجا هەستی ڕاگرت و وەک ئەوە وابوو لە ژووری دانیشتنەوە دەنگی پیانۆ بێت، دەنگ و ئاوازێکی وا خۆش کە هەرگیز پێشتر نەیبیستبوو.

«دیارە ئێستا هەموو گوڵەکان لەوێ سەما دەکەن!» گوتی، «ئەی خوای گەورە چەندم حەز لێیە سەماکەیان ببینم»، بەڵام نەیوێرا هەڵسێتە سەرپێ، نەبادا دایکی و باوکی بە ئاگابێنێ. «خۆزگە بهاتبان بۆ ئێرە!» گوتی، بەڵام گوڵەکان نەهاتن و دەنگ و ئاوازی خۆشی مۆسیقاکە بەردەوام دەهاتە گوێی و لە خۆشی ئاوازەکە ئیتر نەیتوانی دان بە خۆیدا بگرێ،

بۆیــە بــە سنگەخشــێ لەنــاو جێگاکــەی هاتــە دەرەوە و خــۆی گەیانــدە لای دەرگاکــە و لەوێــوە ســەیرێکی ژووری دانیشــتنەکەی کــرد. واااااای، کــە شــتێکی ســەیر و ســەمەرەی بینــی. هیــچ چرایــەک لــە ژوورەوە نەبــوو، کەچــی ژوورەکــە ڕوونــاک بــوو. تریفــەی مانــگ لــە پەنجــەرەوە دەهاتــە نــاوەوە و دەڕژایــە ســەر زەوی ژوورەکــە! وەک ڕۆژی ڕووناک وابــوو. هەمــوو هایســێنت و گوڵــە مێلاقــەکان بــە دوو ڕیــز وەســتابوون لــە نــاو ژوورەکــە، هیــچ گوڵێــک لەســەر ڕۆخــی پەنجــەرەکان نەمابــوو، گوڵــدان و ئینجانــەکان گشــتیان بەتــاڵ بــوون.

هەمــوو گوڵــەکان لــە ســەر زەوی ژوورەکــە، بــە دەوری یەکــدا خەریکــی ســەمایەکی دڵگیــر بــوون، ڕیــزی جوانیــان دادەبەســت و لــە ڕێگــەی گــەڵا ســەوزە درێژەکانیــان دەســتی یەکتریان دەگــرت و بە لاروولەنجە خۆیــان بادەدا. لــە بــەردەم پیانۆکــە گوڵێکــی زەردی گــەورە دانیشــتبوو. ئیــدای بچکۆلــە هیــچ گومانــی نەبــوو کــەوا ئــەم گوڵــەی لــە هاویــن بینیبــوو، بــە چاکــی لــە بیــری بــوو کــە ئەوســا مامۆســتاکە گوتــی: «ئــای کــە چەنــد لــە خاتــوو (لینــا) دەکا!»، بــەڵام هەموویــان پێــی پێکەنیــن و گاڵتەیــان بــە قســەکەی هــات، کەچــی ئەوەتــا ئێســتا ئیــدا پێــی وایــە گوڵــە زەردە درێژەکــە زۆر لــە خاتــوو لینــا دەچــێ و بــە هەمــان شــێوەی ئــەو پیانــۆ دەژەنــێ، جارێــک ڕوخســارە درێژکۆلــە زەردەکــەی بــۆ ئــەولا وەردەگێــڕێ و جارێــک بــۆ لایەکــەی تــر و ســەری لەگــەڵ ڕیتمــی مۆســیقا خۆشــەکە دەلەقانــد.

هیــچ یەکێکیــان ســەرنجیان بــۆ لای ئیــدای بچکۆلــە نەڕۆیشــت و هەســتیان بــە بوونــی ئــەو نەکــرد.

لــە پــڕ بینــی وا گوڵــە کرۆکۆســێکی شــین خــۆی هەڵدایــە ســەر ناوەڕاســتی ئــەو مێــزەی ســۆفیای تێــدا بــوو، لەوێــوە چــوو بــۆ لای تەختــی نووســتنی ســۆفیا و پەردەکانــی لادا و بینــی وا گوڵــە نەخۆشــەکان لــەوێ پــاڵ کەوتــوون، ئەوانیــش یەکســەر هەڵســانە ســەرپێ و بــە ســەر لەقانــدن سڵاوێکیان لەوانــی تــر کــرد و ویســتیان لەگەڵیانــدا بکەونــە ســەما.

(کانــگای دووکــەڵ) (١٠) کــە کارەکتەرێکــی بــە تەمــەن بــوو و لێــوی ژێرەوەی شــەق بووبوو، هەڵســایە ســەرپێ و بــۆ گوڵــە جوانــەکان چەمایــەوە کــە پێیانــەوە دیــار نەبــوو نەخــۆش بــن، ئیتــر هەموویــان بــە دڵــی خــۆش و ڕابواردنــەوە تێکەڵــی یەکتــر بــوون. کــە ئیــدا ســەیری ئەوێــی کــرد، وا دیــار بــوو یەکێکیــان لەســەر مێزەکــەوە کەوتــە خــوارەوە، ئەویــش چیلکــە دارێــک (١١) بــوو کــە خــۆی لەڕیــزی گوڵــەکان هەژمار دەکــرد، بۆیــە خــۆی هەڵدایــە ئــەو نــاوە. هــەرا و بەزمێکــی زۆر خــۆش بــوو. بووکەشووشــەیەکی لە مۆم دروســتکراو بــە لقــی چیلکــە دارەکــەوە هەڵواســرابوو، شــەپقەیەکی لەســەر بــوو وەک شــەپقەکەی کابــرای ئەندامــی ئەنجوومــەن. چیلکــە دارەکــە لــە ســەر هــەر ســێ قاچــە ســوورەکانی لــە نێــوان گوڵەکانــدا هەڵدەپــەڕی و ســەمای مــازورکای دەکــرد و بــە توندی قاچــی بــە زەویدا دەکێشا. گوڵەکانــی تــر بۆ ئــەم ســەمایە ناشــیاو بــوون، چونکــە هێنــدە ســووک بــوون، نەیاندەتوانــی بــەو توندییــە قاچیــان بــە زەویدا بکێشــن. لــە پــڕ بووکەشووشــە مۆمەکــە بــاڵای بــەرز و گــەورە بــوو و بــە دەوری گوڵــە کاغــەزەکان دەخولایــەوە و بــە دەنگــی بــەرز دەیگــوت: «گاڵتــە بــە ئەقڵــی منداڵەکــە دەکات، وانییــە؟ ئــەی ســڵاو لــە ئەقڵــی خــۆت!»

بووکەشووشــە مۆمەکــە بــە شــەپقە پانەکــەی ســەری، کتومــت کابــرای ئەندامــی ئەنجوومــەن بــوو و وەک ئــەو ڕەنــگ زەرد و مــۆن بــوو؛ بــەڵام گوڵــە کاغــەزەکان کێشــایان بــە قاچــە باریکەکانیــدا، ئەویــش لــە تــاوان خــۆی گرمۆڵــە کــردەوە و وەک

بووکەشووشـە مۆمـە بچووکەکـەی جاران گەڕایـەوە دۆخـی پێشـووی.

زۆر سـەیر بـوو ئـەم شـتانە بـە چـاوی خـۆت ببینـی و ئیدای بچکۆلـە بـە خۆی نەوەسـتا و کەوتە پێکەنیـن. چیلکـەی دارەکـە بـەردەوام سـەمای دەکـرد. بووکەشووشـە مۆمەکـەش سـەمای دەکـرد، جارجـارە خـۆی باڵا بـەرز و گەورە دەنواند و جارانی تریـش بـە شـەپقە ڕەش و گەورەکـەی بچـووک و زەردهەڵگـەڕاو. لـە سـەر داواکاری گوڵەکانـی تـر، وازی لـە چیلکـە دارەکـە هێنـا و چیتـر هەراسانی نەکـرد. لـە هەمـان کاتـدا ئەوانـی تـر بـە تونـدی لـە دەرگای ئـەو چەکمەجەیـان دا کـە سـۆفیا و یارییەکانـی تـری لـە نـاو بـوون. (کانـگای دووکـەڵ) ڕای کـرد بـۆ لای ڕۆخـی مێزەکـە و لـە سـەر سـک ڕاکشـا و کەمێـک چەکمەجەکـەی ڕاکێشـا. سـۆفیا بـە سەرسـامی هەڵسـایەوە و سـەیرێکی دەوروبـەری خـۆی کـرد. «دیـارە لێـرە ئاهەنگـی سـەمایە!» گوتـی؛ «ئـەدی بـۆ کـەس بـە منـی نەگـوت!»

«حـەز دەکـەی لەگـەڵ مـن سـەما بکەیـت؟» (کانـگای دووکـەڵ) گوتـی:

«بەڵـێ، تـۆ کەسـێکی ڕێکوپێکـی و شـایانی ئەوەیـت سـەمات لەگـەڵ بکرێـت!» ئەمـەی گـوت و ڕووی وەرگێـڕا و پشـتی تـێ کـرد، ئەوجـا لـە سـەر ڕۆخـی چەکمەجەکـە دانیشـت و کەوتـە بیرکردنـەوە: تـۆ بڵێـی یەکێـک لـە گوڵـەکان بێتـە لای و داوەتـی سـەما و بەزمەکـەی بـکات، کـە بینـی کەسـیان نەهاتـن بـۆ لای، دەسـتی کـردە کۆکیـن، ئـحم، ئـحم، ئـحم! لەگـەڵ هەندێش هیـچ یەکێکیـان نەهاتـن. (کانـگای دووکـەڵ) بـە تەنیـا سـەمای دەکـرد و سەماکەشـی خـراپ نەبـوو!

کـە سـۆفیا بینـی هیـچ یەکێـک لـە گوڵـەکان سـەرنجی ئـەو نـادەن، خـۆی لـە چەکمەجەکـەوە خسـتە خـوارەوە و زرمەیەکـی گـەورەی لێوەهـات؛ تـەواوی گوڵـەکان بـە ڕاکـردن هاتـن بـۆ لای و لـە دەوری کۆبوونـەوە و لێیـان پرسـی ئاخـۆ هیچـی لـێ نەهاتـووە. هەموویـان لـە بەرانبـەری شـیرین ڕەفتـار بـوون، بـە تایبـەت ئـەو گوڵانـەی شـەو لەسـەر تەختەکـەی ئـەو نووسـتبوون، بـەڵام خـوا کـردی هیـچ کوێیەکـی ئـازاری نەبـوو، هەمـوو گوڵەکانـی ئیدا زۆر خۆشـیان ویسـت و سپاسـیان کـرد بـۆ تەختـە خۆشـەکەی لەسـەری خەوتـن و دەسـتیان گـرت و بردیانـە ناوەڕاسـتی ژوورەکـە کـە تریفـەی مانـگ ڕووناکـی دەکـردەوە و لەگەڵـی کەوتنـە سـەما، سـەرجەم گوڵەکانـی تـر بازنەیـان بـە دەوریانـدا بەسـتا؛ بـەم جـۆرە سـۆفیا دڵـی زۆر خـۆش بـوو! سـۆفیا دەیزانـی خـەوی نـاو چەکمەجەکـە خـۆش نییـە، بۆیـە بـە گوڵەکانـی گـوت بۆیـان هەیـە بـەردەوام لـە نـاو جێگاکـەی ئـەو بخـەون.

گوڵـەکان پێیـان گـوت: «زۆر سپاسـت دەکەیـن، بـەڵام ئێمـە ئەوەنـدە ناژیـن و تەمەنمـان کورتـە! سـبەینێ ئێمـە هەموومـان دەمریـن؛ بـەڵام بـە ئیـدای بچکۆلـە بڵـێ بـا لـە نـاو باخەکـە لـە نزیـک گـۆڕی باڵنـدە کەنارییەکـە بماننێـژێ، ئیتـر بـۆ هاویـن دەڕوێینـەوە و زۆر جـوان دەبیـن!»

«نـا، ئێـوە نابـێ بمـرن!» سـۆفیا گوتـی و گوڵەکانـی یەکـە یەکـە مـاچ کـرد؛ لـەم کاتـەدا دەرگای ژوورەکـە کرایـەوە و ژمارەیەکـی زۆر گوڵـی جـوان ڕژانـە ژوورەوە و کەوتنـە سـەما. ئیـدا نەیزانـی ئـەم هەمـوو گوڵـە لـە کوێوە هاتـن. ئەوانە سـەرجەم گوڵەکانـی کۆشـکی پاشـا بـوون. دوو گوڵەباخـی جـوان لـە ڕیـزی پێشـەوە دەڕۆیشـتن و هـەر یەکەیـان تاجێکـی زێڕیـان لەسـەر بـوو، ئـەم دووانـە پاشـا و شـاژن بـوون، ئەوجـا جوانتریـن گوڵـە مێخـەک و گوڵـە ماتیـولا (١٢) بـە دوایانـەوە ڕێیـان دەکـرد و سـڵاویان لـە هەمـوو دەوروبـەری

خۆیـان دەکـرد. پایۆنیـا و کولیلکـە گـەورەکان فوویـان دەکـردە بـەری بەزالیـا و ڕوخسـاریان سـوور هەڵدەگـەڕا (١٣). گوڵـە زەنگوڵـە شینەکان و شـەهلا مـۆرەکان وا دەنگیـان دەلەرانـدەوە وەکـوو ئـەوەی زەنگوڵەیـان لـە قوڕگیـدا بـێ. مۆسـیقایەکی سـەیر و سـەمەرە بـوو، ئیتـر چەنـدان گوڵـی تـر هاتـن و ئامادەبـوون، لەوانـە شـەوبۆ مـۆرەکان و گوڵـە خەزێمـە سـوورەکان و کۆنقەلاریـا و حاجیلـەکان. هەموویـان بـە خۆشـی سـەمایان دەکـرد. تـەواوی گوڵـەکان یەکدییـان مـاچ دەکـرد. دیمەنێـک بـوو هـەر زەینـەت بـوو سـەیری بکەیـت!

لـە کۆتاییـدا گوڵـەکان شەوباشـیان لەیەکـدی کرد و ئیدای بچکۆلـەش بـە بێدەنگی چـووە نـاو پێخەفەکـەی خـۆی و هەرچـی بینیبـووی هاتـەوە خەونـی.

کـە بەیانـی ڕۆژی دووەم بـا ئـاگا هـات، بەپەلـە خـۆی گەیانـدە لای مێـزە بچووکەکـە، تـا بزانـێ ئاخـۆ گوڵـەکان هێشـتا لـەوێ مـاون، پەردەکـەی لەسـەر تەختـە بچووکەکـەی خەوتـن لادا و بینـی هەمـوو گوڵـەکان لـە شـوێنی خۆیـان بـوون، بـەڵام زۆر سـیس بـوون، زۆر لـە دوێنـێ سیسـتر بوویـوون.

سۆفیا هێشـتا لـە نـاو چەکمەجەکـە بـوو، بـەڵام زۆر خەواڵـوو دیاربـوو.

«شـتێک هەیـە دەبوایـە تـۆ بـە منـی بڵێیـت، لـە بیـرت مـاوە ئـەو شـتە چیـە؟» ئیدای بچکۆلـە گوتـی، بـەڵام سـۆفیا گێـژ و هێـڕ دیـار بـوو و هیچـی نەگـوت.

«تـۆ بـە هیـچ کلۆجێـک بـاش نیـت،» ئیـدا گوتـی، «ئـەوان هەموویـان سـەمایان لەگـەڵ تـۆدا کـرد.»

ئەوجـا ئیـدا کارتۆنێکـی هێنـا کـە وێنـەی باڵنـدەی لەسـەر نەخشـێنرابوو، گوڵـە مردووەکانـی خسـتە ناویـەوە.

«ئەمـە دەبێتـە تابووتـە جوانەکەتـان، ئـەی پایەبەرزینـە» ئیدا گوتی، «ئامـۆزا نەرویجییەکانتان ئامـادە دەبـن و لـە باخەکـەدا بەشـداری ناشـتنی پایەبەرزیتـان دەکـەن، بـۆ هاوینـی دادێ ئێـوە دەڕوێنـەوە و لـە جـاران زۆر جوانتـر دەبنـەوە!»

ئامـۆزا نەرویجییەکانبـە ناوەکانـی (یونـەس) و (ئەدۆلـف)؛ دوو کـوڕی چوسـتوچالاک بـوون هەریەکەیـان لـە لایـەن باوکیانەوە تیر و کەوانێکیان پێدرابـوو، کـە لەگـەڵ خۆیـان هێنابوویـان تـا پێشـانی ئیـدای بـدەن. ئەویـش باسـی گوڵـە بەسـەزمانەکانی بـۆ کـردن، کـە مـردوون، ئیتـر ئەوانیـش بەشدارییان لـە ناشـتنیان کـرد. هـەردوو کوڕەکـە تیـر و کەوانیـان بـە شـانەوە کردبـوو و لـە پێشـەوەی دەڕۆیشـتن و ئیـدای بچکۆلـەش بـە دوایانـەوە گوڵـە مردووەکانـی لـە نێـو کارتۆنـە جوانەکـەدا هەڵگرتبـوو؛ گۆڕێکـی بچـووک لـە باخەکە هەڵکەنرابوو؛ یەکـەم جـار ئیدا گوڵەکانـی مـاچ کـرد و بـە کارتۆنـەوە لەسـەر زەوی دانـان. لـە کاتـی ناشـتنەکە ئەدۆلـف و یونـەس لـە جیاتـی تـۆپ و تفەنـگ کەوتنـە تیـر هاوێشـتن بەسـەر گۆڕەکـەدا.

**پەراوێزەکان:**

(١) ئـەم حەکایەتـە بـۆ منـداڵان نووسـراوە، بۆیـە ڕووداوەکانـی لـە جیهانـی خەیاڵێکـی فراوانـدا ڕوو دەدەن. سـەرەڕای کەسـە ڕاستەقینەکان وەک مـرۆڤ، دەبینیـت گـوڵ و بووکەشووشـە و چیلکـەدار وەک کارەکتـەری زینـدوو ڕەفتـار دەکـەن، بـۆ نموونـە سـەما دەکـەن و نەخـۆش دەکـەون و لەگـەڵ یەکتـر دەدوێن. چەنـدان فیلمـی کارتـۆن بـە زمانـی جیاجیا لـەم حەکایەتـە دروسـت کـراون.

(٢) مامۆستاکەی ئیدا کوڕێکی گەنجی دەرچووی دواناوەندییە، لە ماڵەوە بە شێوەیەکی تایبەت وانە دەڵێتەوە. ئەم کارەکتەرەیان لە هەندێ فیلمە کارتۆنییەکان وا دروست کردووە لە هانس کریستیان ئەندەرسن دەکا، واتا ئەو مامۆستایە نووسەر خۆیەتی.

(٣) هەوڵم دا بە پێی توانایی ناوی کوردی بۆ گوڵەکان بدۆزمەوە، بەڵام کە هەندێ جار دەرەقەتیان نەهاتووم، ناچار ناوە لاتینییەکانم نووسیوە.

(٤) زۆر لە بنەماڵەی پاشاکان هاوینان لە کۆشکەکانی دەرەوەی شار بەسەر دەبەن و زستانان دەگەڕێنەوە کۆشکەکانی ناو شار.

(٥) بۆ ئەوەی لە خوێنەر تێکەڵ نەبێ پێویستە بزانین سەرەتا باسی گوڵەکانی باغە گشتییەکان و کۆشکی پاشا دەکرێ، دواتر باس لە گوڵەکانی ماڵی ئیدایە کە لە ژووری دانیشتنی ماڵەوە سەما دەکەن.

(٦) باغی گوڵ، ڕووەکی جۆراوجۆر بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی.

(٧) پانتۆمایم بە مانای دەربڕین دێت لە ڕێگای ڕوخسار و زمانی جەستەوە، بێ ئەوەی زمانی ئاخاوتن بەکار بێنی، ئەم جۆرە دەربڕینە لە شانۆدا باوە.

(٨) ڕووەکێکی نزمی گەڵادارە، ئەگەر هەر شوێنێکت بەری بکەوێت هەست بە سووتانەوەیەکی زۆر دەکەیت.

(٩) ئەنجوومەنی کارگێڕی لە ساڵی ١٦٦٠ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لەژێر سایەی پاشادا دامەزراوە. لە ساڵی ١٨٤٨ ئەنجوومەنی وەزیران شوێنی دەگرێتەوە.

(١٠) کارەکتەرێک لەم حەکایەتە بە ناوی (کانگای دووکەڵ) هەیە، زۆرتر لە سوید ناسراوە و پێی دەڵێن Rökgubbe، پەیکەرێکی بچووکە لە شێوەی پیاوێک. ئەم پەیکەرە لەناو ماڵ لەسەر مێز دادەنرێ، کە دادەگیرسێ دووکەڵی لێ هەڵدەستێ، بۆ چەند مەبەستێک بەکار هاتووە لەوانە دوورخستنەوەی مێشوولە، یان بڵاوکردنەوەی بۆنی خۆش، یان پاککردنەوەی هەوا لە چەند دەرد و پەتایەک وەک بۆ نموونە کۆلێرا.

(١١) لەم حیکایەتەدا باس لە چیلکەدارێکی بچووکە لە لقی دار بێ دەکرێتەوە، هەر لە سەدەی هەژدەمینەوە بۆ مەبەستی جیاجیا بەکار هاتووە، بۆ نموونە مەبەستی ئایینی. خەڵک بەم جۆرە چیلکەدارە لەیەکیان داوە تا هەست بە ئازارەکانی حەزرەتی مەسیح بکەن، یان پەیوەست بە بیروباوەڕی پیت و بەرەکەت، خەڵک لەو باوەڕەدابوون کە بە بەرکەوتنی کچ و کوڕانی گەنج دەتوانن توانایی زاووزێ لەو درەختە تەڕ و پاراوەوە بگوازنەوە بۆ مرۆڤ. لە ڕۆژانی ئەمڕۆماندا بۆ دیکۆر بەکاردێت، کاتێک نوقوڵ و پەڕەمووچی ڕەنگاوڕەنگ و گوڵی کاغەزی پێوە هەڵدەواسن.

(١٢) جۆرە گوڵێک چوار پەڕەی ڕەنگاوڕەنگی بۆنخۆشە، لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوێت.

(١٣) لێرەدا بەری بەزالیا وەک ئامێری مۆسیقا بەکار هاتووە، لە جیاتی شمشاڵ و فلووت و کلارنێت و ئۆبۆ و... تاد.

**سەرچاوە:**

**لە کتێبی (کۆبەرهەمەکانی هانس کریستیان ئەندەرسن) وەرگیراوە.**

**H. C. Andersen**
**Eventyr og Historier**
**Komplet samling**
**Bogklubben 2001**